KURDISTAN PARLIAMENT –IRAQ
K.D.P Fraction
No: 661
Date: 2 / May / 2023

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
فراکسیۆنی
پارتی دیموکراتی کوردستان
ژمارە: ٦٦١
ڕێکەوت : ٢/ ٥ /٢٠٢٣

**ڕونکردنەوەیەک دەربارەی هەوڵەکانی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان**

ئێمە وەک فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی ڕابردوودا بەر لە تەواو بوونی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، چەندین هەوڵمان داوە بۆ ئەوەی زەمینە سازی و ئاسانکاری سیاسی و یاسایی بکەین بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن خولی شەشەمی پەرلەمان لە وادەی خۆیدا و پەنا نەبرێتە بەر درێژکردنەوەی ماوەی خولی پەرلەمان، لەم پێناوەدا سازشی زۆرمان لە ماف و ڕاو بۆچونەکانی خۆمان کرد تەنها لە پێناوی ئەوەی هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، بەلام بەداخەوە نەتوانرا ئەو کەشە سیاسی و یاساییە دروست بکرێت. بۆیە لە پێناوی ئەوەی دۆخی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بەرەو ناسەقامگیری نەچێت بە ناچاری بە هاوبەشی لەگەل فراکسیۆنەکانی (یەکێتی و گۆڕان و پێکهاتەکان و سەردەم) یاسای بەردەوام بوونی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ١٢ی ٢٠٢٢ مان پەسەند کرد، کە تیایدا هاتووە خولی پێنجەمی پەرلەمان تا کۆتایی وەرزی یاسادانانی پاییزەی ٢٠٢٣ بەردەوام دەبێت و بەم پێیە پێویستە بەر لەم وادەیە هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت. بۆیە (پ.د.ک) سوورە لەسەر ئەوەی هەڵبژاردن لە وادەی دیاری کراودا ئەنجام بدرێت کە بە فەرمانی هەرێمی ژمارە (٩٠) لە لایەن ڕێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕۆژی ١٨ی١١ی٢٠٢٣ دیاری کراوە وەک ڕۆژی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان و بە فەرمانی ژمارە (١٤٧٢) لە ڕۆژی ١٦ی٤ی٢٠٢٣ لە لایەن ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕاسپێردراون بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی هەڵبژاردن. ئەوەی وەک گرفتی یاسایی ماوە پرسی کاراکردنەوەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان و هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنە، لەم پێناوەدا لە ڕابردوو ئێمە بە ژمارەیەک هەوڵی جدی بەردەوام بووین لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان بۆ ئەوەی لەسەر ئەم دوو پرسە گرنگە لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتن دروست بکەین، کە بە چەند خاڵێک لە خوارەوە دەیانخەینە ڕوو:.

١- لە ڕۆژی ٣ی١١ی٢٠٢١ کە دەکاتە ساڵێک بەر لە تەواو بوونی خولی پەرلەمان لە کۆبونەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان پێشنیارمان کرد کە کۆمسیۆنێکی تازە دروست بکرێت بە یەکێک لەم ڕێگایانە: یان بە پێی ئەنجامی دوایین هەڵبژاردنی ٣٠ی٩ی٢٠١٨ی پەرلەمانی کوردستان وبەرکەوتەی لایەنە سیاسییەکان بێت، وە یان بە پێی ئەنجامی هەڵبژاردنی ١٠ی١٠ی٢٠٢١ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، چونکە پێکهاتەی ئێستای کۆمسیۆن بە پێی ڕێژەی بەرکەوتەی خولی چوارەمی پەرلەمان کوردستان کۆمسیارەکان دانرابوون، کە لە خولی چوارەم فراکسیۆنی پارتی (٣٨) کورسی هەبوو، بەڵام لە خولی پێنجەم ڕێژەی کورسیەکانی پارتی بۆ (٤٥) کورسی بەرزبوەوە، وە یاخود دانانی ژمارەیەک دادوەری سەربەخۆ و دوور لە پشکی حزبی لایەنە سیاسییەکان. بەڵام فراکسیۆنەکانی تر بە هیچ لەو پێشنیارانەی ئێمە ڕازی نەبوون و داوایان کرد کە کۆمسیۆن بە هەمان پێکهاتە و پڕکردنەوەی شوێنە بەتاڵەکان لە ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیساران وەکو خۆی کارابکرێتەوە.

٢- دوای دوو کۆبونـەوەی تـر لـە ڕۆژانـی ١٨و ٢٠ی ١١ی ٢٠٢١ فراکسـیۆنەکانی تـر بـە تایبـەتی (ی ن ک) داوایـان کـرد کـە هەمواری یاسای هەڵبژاردن بکرێت، بەڵام بە بێ ئەوەی هیچ پرۆژەیەک پێشکەش بکەن.

٣- لە ڕۆژی ٥ی ١ی ٢٠٢٢ وەک شاندێکی سیاسی پارتیمان سەردانی مەکتـەبی سیاسـی (ی ن ک) مـان کـرد لـە سلێمانی و تەئکیدمان کردەوە کە کات لەبەردەست نیە و پێویستە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان کارا بکرێتەوە، بڕیاربوو کە دوای هەفتەیـەک شاندی لایەنی بەرامبەر سەردان ئێمە بکەنەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆی زیاتر لەو بابەتە بکەین، بەڵام شاندەکە بەداخەوە ئامادەییان پیشان نەدا بۆ ئەو کۆبونەوەیەو سەردانیان نەکردینەوە.

٤- لە کۆبونەوەی ٨ی ٢ی ٢٠٢٢ی سەرۆکی فراکسیۆنەکان لـە پەرلـەمـانی کوردسـتان بـە لایەنـەکانمان ڕاگەیانـد بـۆ ئـەوەی هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت ئێمە وەک پـارتی ڕازیـن لەسـەر پێشـنیارەکەیان بـۆ ئـەوەی کۆمسـیۆنی هەڵبژاردنـەکان وەکـو خـۆی کارابکرێتەوە، ئەمە جگە لەوەی سازشمان لە مافی خۆمان وەک بەرکەوتەی هەڵبژاردن کرد و واژۆمان لەسەر ڕێککەوتنێک کرد کە بۆ هەردوو پرسی کۆمسیۆن و یاسای هەڵبژاردن زۆرینە بەکارنەهێنرێت، بەڵکو بە سازانی سیاسی هەنگاوە پەرلەمانییـەکان بنێین. بەڵام لەسەرەتادا بۆ ئەوەی سود لە کات وەربگرین کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان کارابکەینەوە، بۆ ئەوەی کۆمسیۆن دەست بە ئامادەکاریەکانی خۆیان بکەن و دواتریش گفتوگۆ بکەین لەسەر هەمواری یاسای هەڵبژاردن.
بەڵام بەداخەوە لایەنەکان لە دواییدا پەشیمان بوونەوە لە کاراکردنەوەی کۆمسیۆن وەکو خۆی و داوایان کـرد هـەمواری یـاسای هەڵبژاردن و کۆمسیۆن بەیەکەوە تەواو بکرێت لە پەرلەمان.

٥- دوای ڕێککەوتنی ئاماژە پێکراو لـە خـاڵی چـواری سـەرەوە بەداخـەوە لەلایـەن (ی ن ک) ڕێککەوتنەکـە پێشـێل کـراو بـە هاوبەشی ژمارەیەک ئەندامی تری فراکسیۆنەکانی تر پرۆژەی هەمواری یاسای هەڵبژاردنیان پێشکەش کرد.

٦- دوای ئەم هەنگاوانە لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بە بڕیاری (ی ن ک) لەمپەر بۆ ئەنجامدانی دانیشتنەکانی پەرلـەمان دروسـت کـرا، بۆیـە نـەتوانرا تـاوەکو ٢ی٦ی٢٠٢٢ دانیشـتنی پەرلـەمان ئـەنجام بـدرێت، چونکـە ئەنجامـدانی دانیشـتنەکانی پەرلەمانیان بەستبوەوە بەو مەرجەی کە نابێت پرسی کۆمسیۆن و هەڵبژاردن بخرێنە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان.
٧- لە ڕۆژی ٧ی ٦ی ٢٠٢٢ شاندی باڵای (پ د ک) و (ی ن ک) لە دەزگای هـەڵبژاردنی پـارتی لـە هـەولێر کۆبونـەوە و ڕای ئێمە ئەوەبوو لەبەر ئەوەی کاتی پێویستمان نەماوە بۆ هەمواری یاسای هـەڵبژاردن بـا بـە هـەمان یاسـای هـەڵبژاردنی پێشـوو هەڵبژاردن بۆ یەک خولی داهاتوو ئەنجام بدەین، دواتر یاسـایەکی تـازە بنوسـرێتەوە، بـەڵام لایـەنی بەرامبـەر ڕازی نـەبوو بـەو پێشنیارە.

٨- بە داخەوە بۆ ئەوەی بۆشایی یاسایی لەهەرێمی کوردستان دروست نەبێت بە هاوبەشی لەگەڵ فراکسیۆنەکانی (یـەکێتی و گۆڕان و پێکهاتەکان و سەردەم) بە ناچاری پەنامان بۆ دەرکردنی یاسای بەردەوام بوونی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ژمـارە ١٢ی ٢٠٢٢ بـرد لە دانیشـتنی ئاسـایی ژمـارە (١١)ی ڕۆژی ٩ی١٠ی٢٠٢٢، کـە بـە پێـی ئـەم یاسایە پەرلـەمان تـاوەکو ٣١ی١٢ی٢٠٢٣ خولەکەی درێژکرایەوە.

٩- له یاسای بەردەوام بوونی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ١٢ی ٢٠٢٢ هاتووە لەم ماوەیەدا (واتا لەو ماوەیەی بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمان درێژ کراوەتەوە) پێویستە هەنگاو بنرێت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن، بەڵام بەداخەوە دوای ئەم وادەیە جارێکی تر لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان بە بریاری یەکێتی دانیشتنەکان پەکخرایەوە و ئەم پرسە وەکو خۆی مایەوە.

١٠- لە کۆبونەوەی ١٨ی ١ی ٢٠٢٣ی مەکتەبی سیاسی پارتیمان ڕاگەیەندرا کە لە پێناوی ئەوەی ئەمساڵ (٢٠٢٣) هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، ئێمە وەک پارتی رازی دەبین هەمواری یاسای هەڵبژاردن بکرێت و سیستەمی فرەبازەیی کە داواکاری لایەنەکان بوو پەیرەو بکرێت، لە کاتێکدا ئێمە لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و پاراستنی مافی حزبە بچوکەکان و فرەیی هێزە سیاسیەکان لە ناو پەرلەماندا داوای مانەوەی سیستەمی یەک بازنەی هەڵبژاردنمان دەکرد.

١١- لە دەستپێکی ساڵی ٢٠٢٣ چەند جارێک داوامان کرد دانیشتنی پەرلەمان ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی هەنگاوە پەرلەمانییەکان دەست پێبکەین وخوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پێشنیازە یاسایانەی هەمواری یاسای هەڵبژاردن بکرێت کە لایەنەکان بەتایبەت یەکێتی پێشکەشیان کردووە، بەڵام بەداخەوە جارێکی تر سەرۆکی پەرلەمان بە بریاری یەکێتی دانیشتنەکانی پەکخست و رێگری کرد لە ئەنجام دانی دانیشتنەکان.

١٢- لەگەڵ دەستپێکردنەوەی وەرزی یاسادانانی بەهارە لە ١ی٣ی٢٠٢٣، لیژنەی یاسایی پەرلەمان ویستی ئەوەیان هەبوو بە ئەرکی پەیرەوی خۆیان هەڵبستن و پێشنیازە یاساکانی تایبەت بە هەمواری یاسای هەڵبژاردن بەرزبکەنەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان تاوەکو خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ بکرێت، بەڵام دیسان جارێکی تر بە بریاری یەکێتی لەمپەر دروست کرایەوە بۆ کۆبونەوەی لیژنەی یاسایی، تیمی پارتی لە لیژنەی یاسایی دەیانتوانی بە زۆرینە لەناو لێژنەکە ئەم ئەرکە جێبەجێبکەن، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی سیاسی و لەمپەر دروست نەکردن بۆ دانوستاندنەکان هەنگاوەکەیان ڕاگرت و زۆرینەیان بەکارنەهێنا.

١٣- دوای ئەم وادەیە لە چوار کۆبونەوەی نێوان پارتی و یەکێتی، وە پارتی و یەکێتی پێکەوە لەگەڵ گۆڕان و کۆمەڵی دادگەری و یەکگرتووی ئیسلامی ڕێککەوتین کە هەمواری یاسای هەڵبژاردن بەم شێوەیە بێت: کوردستان بکرێتە چوار بازنەی هەڵبژاردن، ئاماری ژمارەی دانیشتوانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ بکرێتە بنەما بۆ دابەشکردنی کورسیەکان بەسەر بازنەکاندا، تۆماری بایۆمەتری کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق بەکاربهێنرێت، سیستەمی لیستی تێکەڵ بۆ هەڵبژاردنی پاڵێوراوەکان بەکاربهێنرێت واتا نیوەی لیستەکە داخراوو نیوەکەی تر نیمچە کراوە بێت.

١٤- لە سەر پرسی کۆمسیۆن لەگەڵ لایەنەکان ڕێککەوتین کە وەکو خۆی کارابکرێتەوە، پەرلەمانیش هەنگاوەکان دەست پێبکات، بۆیە لە رۆژی ١٤ی ٣ی ٢٠٢٣ بە بریاری پەرلەمان لیژنەیەک پێکهێنرا بۆ وەرگرتنی ناو و سیڤی کاندیدان بۆ ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان، لە ئێستادا لیژنەکە کارەکانیان تەواو کردووە و پێویستە لە نزیکترین دانیشتنی پەرلەمان دەنگ لەسەر کاندیدان بدرێت بۆ ئەوەی بەر لە ١٨ی ٥ی ٢٠٢٣ کۆمسیۆن بتوانێت دەست بە کارەکانی خۆی بکات کە بە گووتەی کۆمسیۆن ماوەی شەش مانگیان پێویستە.

١٥- ئەوەی تاکو ئێستا وەک خاڵی ناکۆک ماوەتەوە لە دانوستانەکان، کورسی کۆتای پێکهاتەکانە کە لەگەڵ لایەنەکان ڕێککەوتین ڕای پێکهاتەکان خۆیان وەربگیرێت و فەرزی ئیرادەی خۆمان نەکەین لە سەر پێکهاتەکان، بۆیە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کۆبونەوەیەک بە ئامادەبوونی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان لەگەڵ نوێنەری سەرجەم هێزە سیاسییەکانی پێکهاتەکان و نوێنەرانیان لە پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجام درا و ڕای خۆیان خستە ڕوو کە لە سەدا نەوەدی زیاتریان لەگەل ئەوە بوون هەرێمی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی نوێنەری پێکهاتەکان یەک بازنەی هەڵبژاردن بێت وتۆماری دەنگدان و سندوقی تایبەت بە خوشک و برایانی مەسیحی هەبێت.

١٦- دوای ئەوەی پێکهاتەکان رای خۆیان لەو بارەیەوە پێشکەش کرد وەک ئەوەی لە خاڵی سەرەوە باسمانکرد، بە داخەوە لایەنی (ی ن ک) هەر سوور بوون لەسەر ئەوەی لە جیاتی پێکهاتەکان بریار بدەن و هەرێمی کوردستان بکرێتە فرەبازنەیی هەڵبژاردن بۆ پێکهاتەکان و دوو کورسی بۆ مەسیحی و دوو کورسی بۆ تورکمان لە پارێزگای سلێمانی دیاری بکرێت.

١٧- ئێمە وەک (پ د ک) هەر لە سەرەتاوە تەئکیدمان لەوە کردۆتەوە کە پێویستە پێکهاتەکان خۆیان بریار لە چارەنووسی خۆیان بۆ شێوازی بەشداریان لە پرۆسەی هەڵبژاردن بدەن و نابێت هیچ لایەنێکی سیاسی دەرەوەی پێکهاتەکان لە جیاتی ئەوان بریار بدات، بە جۆرێک هەر شێوازێک خۆیان بە پەسەندی دەزانن ئێمە قبوڵی دەکەین.

١٨- وەک دەبینین ورده ورده وادەی دیاری کراو بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن نزیک دەبێتەوە و پەرلەمانیش بە هۆی ڕێگریەکانی (ی ن ک) لە ئەنجامنەدانی دانیشتنەکانی پەرلەمان لە ڕێگای بەکارهێنانی دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمان (کە بە پێی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان دیاریکردنی وادەی دانیشتنەکانی پەرلەمان لە دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمانە) هیچ هەنگاوێکی کرداری نەناوە بۆ چارەسەری گرفتە یاساییەکانی بەردەم ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان، لەوانە کاراکردنەوەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان و هەمواركردنی یاسای هەڵبژاردن، بۆیە لە یاداشتێکماندا بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی ٣٠ی٤ی٢٠٢٣ داوامان کرد کە لە نزیکترین کاتدا دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامبدرێت و پرسی کاراکردنەوەی کۆمسیۆن بخرێتە بەرنامەی ئەم دانیشتنەی پەرلەمان و خوێندنەوەی یەکەم بۆ سەرجەم ئەو پێشنیازە یاسایانە بکرێت کە لەلایەن فراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمان لە بارەی هەمواری یاسای هەڵبژاردن پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، تاکو هیچ بیانوویەک نەمێنێت و هەڵبژاردن لە وادەی خۆیدا لە ١٨ی ١١ی ٢٠٢٣ لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت، ئەم یاداشتەی ئێمە لە کاتێکدایە کە پێشتریش بەرێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان بە هەمان شێوە داوای لە سەرۆکی پەرلەمان کردووە بۆ ئەم دوو پرسە دانیشتنی پەرلەمان ئەنجامبدرێت، کە بەداخەوە ئەوکاتیش یەکێتی ڕێگری کرد لە ئەنجامدانی دانیشتنی پەرلەمان.
بۆیە ئێمە چاوەڕوانی ئەم دانیشتنە دەکەین و ناکرێت چیتر ئەم پرسە دوابخرێت و مافی بەشداری پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردن لە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان زەوت بکرێت.

زانا مەلا خالد

**سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان**